

نەژاد عزیز سورمێ

# کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات

چاپی یەکەم 2020

ئازاد عزیز سورمێ

# کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات

- نەژاد عزیز سورمێ
- کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات
- شیعر
- بەرگ (کارێکی کۆلاژ )ی : شاعیر خۆی
- دیزاین: کاروان محەمەد سینۆ
- چاپی یەکەم 2020
- **نرخ** : (1500) دینار
- لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی کوردستان
- ژمارەی سپاردنی ( 688) ساڵی(2020) دراوەتێ.

نەژاد عزیز سورمێ

# کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات

چاپی یەکەم 2020

(.. ژەهرە گوڵنار نەژاد !
بادەی دوای نیوەشەوانی دەرویشی ..
غەمزەی وشکە بڕوایی ..
ڕاڕەوەی یاساشکێنی ...

لە نادانییان نییە ،
دەفڕەن بەو ڕوانینە
وەهمی دادڕەسیی
بەرەو بارەگای نوور بە کۆڵدا دەدەن ..

ژەهرە گوڵنار ،
شارای زەمانی(قاتیی) یە ...
نەشئەی بادەنۆشی کەنارەکانە...
چ هەڵپەیەکە
نیوسەدە زیاترە ، ( دارا ) دارێکی نەدی ..؟)

لە قەسیدەیەکی
پێشترمەوە

# کچ و کوڕانی ڕێبەندان

نیگەرانی گۆرانییەکی مۆرهەڵگەڕاوە
چرۆی گرتووە
نیگەرانی ، لە کەفی شیر
لە خوێنی درەوشاوە دەچێ ..

شەو ئیمپراتۆریەتێکی بێ نوێنەرە
کپ .. ڕاکشاو .. سامناک
بە کڵاورۆژنە هەتیوکەوتووەکاندا
هێرش دێنێ ..
بەڵام ئومێد
لە ناو قەوزەی
گەمە بەدنیهادەکانی ژیانهەڵلووشاندا
ون نییە .

ئەی خۆری کوژاوە
کە پڕ بە سووتانی خۆت
تیشکمان بەسەر دەبارێنی
خەیاڵم بە لای تۆدا دەشکێتەوە
تاسەیەکی  ڕۆژهەڵاتییانە
لە ناخی ڕوانینە بەهارییەکانماندا
ڕوو لە سەرابستان
ڕوو لە بەندەری دژواری ..

زامێکی دی
بە تەوێڵی پرسیارە دوایی نەهاتووەکان
لە شەفەقدا ئۆقرە دەگرێ و
خەون دەبینێ : دەگری ...
- نەهاتبووین تەنیا بین
نەهاتبووین گەسکی مێژوو
بەو شاڵاوە بۆ ڕابردوو
بۆ یەکەم هەنگاومان بباتەوە ..

خەیاڵت دەکەم
لە هەواری چۆلپەرست و سەرکێشان
دەتبینم ..
بە تەنیشت تارمایی
شارە کراوە  داخراوەکاندا
بە تەنیشت ئاهەنگە تەنیاکان
گوڵێکی حەپەساو
لە تێکستێکی بژوێندا ..

نیگەرانییەک
بەچکەی زۆڵی کۆمپانیاکان
لە کونی دەرزییەوە
بەسەر شارستانیەتی دادەدەن
ئەفسوونێکیان پێیە
ژنە باڵا بەرزەکانی ئیتاڵیا و
سیما خەمبارە برۆنزییەکانی ئیسپانیا
بەژێر بەیداخی
کوورەکانی دۆزەخدا دەبەن
لە پەلکەزێڕینە ،
لە ڕۆشنایی ئاسۆیان دوور بخەنەوە ..

پیاوان
گۆشەگیرییان لە کۆڵ ناوە
لە سپێدەیەکی ناکاوی مردوودا
کچ و کوڕانی ڕێبەندانی
پێ ئاشنا بکەنەوە ..
ئەوە هەڵپەی ئادەمزادە
لە بۆشاییەوە بەرەو بۆشایی
ڕێ دەگرێ
وڕێنە دەکا :
بەختیاری لە باڵۆنێکی تەنک و
زاراوەیەکی بێ بەڵگە زیاتر نەبوو .

ڕێگا چۆڵە
خەون چۆڵ
ئەوەندەی نەماوە خواوەند
هەڵوەستە لە چۆلایەتی بکا ،
کەی بەرپای کردووە ؟
کۆڕسی بەرەبەیان
وەڵامی جریوەی چۆلەکان ناداتەوە ..
ئێوارە
گوللە نایبڕێ
ژنان
هاونشین ، لێکدابڕاو
خۆیان لە سەمایەکی تۆزاوی جێهێشتووە
هەڵدراونەتە ناو قایەخێکی چارۆگە دڕاو
جێوەڕێ لە ناوەڕاستی دەریادا
وردە شەپۆل
دەیبەن و دەیهێننەوە ..

بەڵام ڕۆحە ئاماڵ فریشتەکان
بووکەبەفرینەی بەرائەتی منداڵین ..
ئاوازێکی غەریب
کۆمپانیا زێڕکفتە زەرووتەبعەکان
لە دیمەنێکی دیار و نادیاری
کەناری ڕۆخانەیەکی کڕنۆشبەردا
بانگێکی ناوەخت
بێدەنگیی پێ پۆشیون
بە تاریکاییەکی ڕووتی سپاردون
تەنیا بە عاشقان پەرت دەبێ ..

ئای نیشتمان
وڵاتی شاراوە
هەڵکەوتەی دیواری لەرزۆک و
بڵێسەی کوژاوە ..
ئای نیشتمان
نەغمەی گۆشەگیری
ڕووباری لە هاژە کەوتوو
باڵات سێبەری پێوە نەماوە
لێم گەڕێ لە حەرەمی نهێنیەکانت
سەرخەوێ بشکێنم ..

ئای نیشتمان
سۆز پێمەوە دەدا
هەستەوە کەمانجەکەت هەڵواسراوە ..
باسکی کوێرم
لە چاوەڕوانی دوا سەمفۆنیادا
لەو دیوی
ئەو پەنجەرە خەمبارانەدا  دەکوتم
بەسەر  بەهارە  ڕۆژگاربردووەکان
دەڕوانن .

ورشەی زەردەپەڕ
لە تەمێکی چڕ چەقیوە ، ناگات
گوڵی هیوای داری سێبووری
بەسەر جەستەی کچ و کوڕانی ڕێبەندان
وێنەی دێرینی زایەڵە لەبیرچووەکان
دەداتەوە ..

خاک بەتەنێ ماوەتەوە
کەس ڕووی تێ ناکا
کەس سڵاوی لێ ناکا
یادگارییەکان
لە شۆستەکان  پیاسە دەکەن
ماچی دوور بە دوور
بە فرمێسکی ساتە لەدەست چووەکان
بە ڕوومەتی شەوی دەیجوور
 دێتە خوارێ ..

عەشق
له نواڵەیەکی لاسار و بنبەست
بە ڕەنگی زەرد و لێوی بە بارەوە
سروودی ( کوا من ) و بەیدەستی
دەچڕێ ..

ئەوە ئەو وەرزە
ئێش و لەزەتی
لە دونیادا  سڕ کرد
ئەوە ئەو ڕۆژەیە میرم
بازن لە زەند و مەچەکی
شارستانییەت  دادەماڵێ ..

بێدەنگی بەردەوامە
گریان لە چاوی
کچ و کوڕانی ڕێبەندان دواخراوە
بە تێکشکاوی خۆی دەنوێنێ
بانگ ناگاتە قاوەخانە تۆزاویەکان
ئارامی دونیا
بە مەرگ و
کاروانی جەنازان داپۆشراوە
سۆز و شەیدایی
بە خۆیان و شەپۆلی خنکاویان
لە تافی هەرزەیی زەنوێران
ڕاکشاون ..

لێ شەوی ژیان جوانترە لەو ئاسۆیەی
خۆری ژەهراوی لێ هەڵدێ
مۆتەکەی
بە خەرقەیەکی دڕاوەوە
پۆشتەترە ،
لەو گەنجینانەی
خۆپەرستییان
تێ دا دەکرێ .

ئارەزوویەک
لە چاوی هەزاران هەزار
قەتیس بووە
بۆنی بەفر
سەدای قومریان دەداتەوە
سیحری خاک بە برووسکە و
چەخماخەیەکی وێڵیش بێ
بارانی هیوای لێ نابڕێ ..

خۆشم ویست
سرووشتم خۆش ویست
وەک عاشقێک نازانێ بۆ عاشق دەبێ
خۆشەویستی
کە لە ئەزەلدا  بەر مرۆڤ کەوتووە ،
لاوانەوەی گۆڕستانان  نییە
سەفەری ڕەهێڵەیە
خەڵوەتی بەدبینی
ئایکۆنی سەردەمە سەختەکان ..

خەمی ئەبەدی ئەوەیە
سیحری خاک نەبینی ..
نەزانی
گۆرانییە سەرسامە تیژەکانی با
بۆ بێ بیانوو لە دەرگامان دەدەن
نەزانی
مرۆڤ
بۆچی ؟
بۆ کوێ ؟
تا کەی ؟

من ڕۆحت دەبینم
ڕۆحی تۆم دی
تاوکەوتنان کە دەڕۆیی ...
هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو
هاتنەوەی نەبوو ..
خوێنی مەسیحەکانی ئەوسا و ئێستا
پڕشنگی ناوازەن
لە ناخی ڕوانینەکانماندا ..

ڕوونایی
وێنەی ئاوپژێن
گۆ گۆ
بە مەمکی ژنان دێتە خوارێ ..
ئێمە لە شاییەکی ڕەنگین داین
بیر لە باڵ ، لە فڕین
لە ( کوا من ) دەکەینەوە
کە هێدمەگرتوو پاڵی
بە پەرستگەکانەوە داوە ..

ڕەنگە دیمەنەکە بگۆڕێ
دیمەنەکە دەگۆڕێ ..
لەوانەیە ئارەزووەکانم
لە ساتە نەرمە مەحاڵەکان
لێ بچنەوە

ڕەنگە ساماڵێکی بێگەرد
نیشانە بێ بۆ مەرگ
بەڵام تا ئەو وەختەی
ڕووبار و چۆم
چیا و درەخت
سڵاوی خواحافیزیم لێ وەردەگرنەوە
هەر بە جوانی دەتانبینم
کچ و کوڕانی ڕێبەندان .

سەرەتای نیسانی 2020

# گوڵی ئاگر ..خەونی هەمیشەیی

درەخت ڕادەکەن
ئاسمانیان لێ وێک هاتووەتەوە ئەستێرە
تۆ هەڵدێی ،
ڕێگەت پێ نادا نیشتمان بمێنییەوە ..

ديموكراسييەتی جەستە
قوولاّیی دۆزەخ
لە دووکەڵی جەهل
لە ناو کاکۆڵی ئیرەییستانی
ئادەمزادەوە هەناسە دەدا ..

دڵ نە لە مەرگ ، نە لە عەشق
ئاگادارت ناکاتەوە ..
بژاردەی سەردەمی بەدنیهادی ،
خەیاڵی تێدا ڕەش دەبێتەوە
ژەهر لە ڕەنگی شەهد دەردەکەوێ ..

دارستان دەقی کراوەن
لە دونیایەکی داخراودا
وتارێکی درەنگ
لەبەر ڕووناییەکی لەرزۆکدا
بۆ  بێدار کردنەوەی یادەوەریەکان ،
بۆ سەرەتای کۆتاییەکی دی دەدرێ ..

هاوڕێگای هەمیشەیی ، پڕشنگی خوێناوی ،
داڕسان دوای داڕسان ،
سەربردەی برینان دەگێڕێتەوە
لە کلتووری زیندوومان :
لە(شەڕ) دەدوێ
کە هەر دەم
بە ساوی ئاوریشم
لە دەروازە ئاسنینە ئەڵقەڕێزە ئاڵتونییەکان
دەدا و
بە ساوی پۆڵا بەسەر دڵمان  تێدەپەڕێ ..

خۆر
مەزن ، گەش ، دیار
شەڕ ، هەورێکی چڕ
لەبەر نیگای هەڵیساو و تووڕەیدا
کز دەنوێنێ
بچووک ، لێڵ
لە تیشکی خۆیدا دەگەوزێ ..

تاخچە ڕەنگاوڕەنگەکان
مێژووی دەقە نەشکاوەکانیان  هەڵگرتووە
لێوە بە بارەکان
بە کورتی دەدوێن
لە ناو هەموو خەمێکدا
زەردەخەنەیەکی شاراوە ..

شەوە درێژەکانی تەمەنم
لە چاوەڕوانی تۆدا توانەوە
یادگار ، هەمان یادگارە
ئەسرین ، هەمان ئەسرین
دەخنکێنن دەنگ ..

مەیخانە ،
چوونەتەوە پاڵ
پەرژینی باخچە نامۆکان
ئەوانەی
لە خەونی زڕەوە بەدیهاتوون
ڕۆژانە
(کوا من)ی تیا لە خاچ دەدرێ

له ژێی هەستمان دەدەن ..
کاردانەوە نییە
مردوو کاردانەوەی کوانێ ؟

گوێم لێته
بە دەم لاوکە هەردەم لەبیرکراوەکان
وێنەی ئەو ئەستێرانەی نیوەشەوان
بەسەر مێرگاندا دەکشێن و
باڵداران لە خەو دەکەن
چەهرەی ڕۆژگاری کەساس دەنێژی ..

گەواڵەی ڕێکەوتی
هەنسکە خەمبارەکانی دارستانان
کە بەسەر دوا چرکەدا دەبارێ
پێشهاتە سەخیفەکان دەردەخەی !
ئەسەف
بە دەنگی ئەو ژنانەیان ناسپێری
سنگیان داوەتە بەر قەڵای شار

ئەو ژنانە
ئەوانە نین
لە کلینیکەکانی جوانکاری و
ئارایشگەکان  دەیانبینی

ئەو ژنانە
ئەوانەن چیایان لە کۆڵە
سپێدەیان لە چاو
لە ئاوێنەدا خاک دەبینن
لە گۆڕدا گەنجینەی  فریشتان
لە یەکەمین بارانا  ،
سەمای ژیان
وێنەی برووسک
خۆیان بە نادیاردا  ئەدەن ..

کلیل نەما
قفڵە ژەنگاویەکانی پێ تاقی نەکەینەوە ..
بێباکی لە هەڵە کوشندەکانی
بازاڕی ڤایرۆس لێدراو
مێژووییەکی هەیە
ساتە بێهوودەکان
لە بۆشایی ژیان و مەرگ دا
لەو تیش و زنارانەدا دەگیرسێنەوە
بکوژی لێ پەروەردە دەکرێن ..

نازانم لە چ پەنجەرەیەک بوەستم
تۆم لێ دیار بێ
کە هەموو ئاواز و تابلۆ و نۆتە بێکەسەکان
لەوێ بن ..

ئێمه بۆچی چاو لەسەر ئەم جەنازانه
هەڵناگرین
به بناران شۆڕ دەکرێنەوه
ئاوابوونێکی چەند بێدەنگه
ئاوابوونی  مرۆڤ ..
گوڵێکه له شەراب
وێنەی له بەهەشتیش نییه
ڕوناهی هەڵدەفڕێنێ
تاریکایی چڕتر دەکاتەوه
( کوا من ) چەند ونه
بزرتر دەبێ ..

کۆڕۆنا هات ،
بە  جل و بەرگێکی ڕەشداگەڕاو
پێدەشتە سووتاوەکان ئاسا
سواری کەژاوەی خۆی کردین
کۆڕۆنا هات  فێرمان بکا
دونیا ببینین
بیری لێ نەکەینەوە ..

فێری کردین هەوری چڕ
نیشانە نییە بۆ باران
کۆڕۆنا
سیاماڵ .. شەو ڕاشکان
ڕوونایی ڕۆحی بەبیر هێناینەوە
بەڵام ئەویش
بە هەموو ترس و تاوییەوە
شەڕی لە بیر نەبردینەوە ..

حیکایەتە سواوەکان
مۆری بەختمان ، نینۆک هاتوو
لە زیندانەکانی جیهان ئاخنراون
بیر لە جۆللانە پساوەکان دەکەنەوە
ئاییندەی پیر
لە ژێر چیلەمێوێکی ڕووتدا
پێڵوی لێک ناون
ئەو  ژنە شۆخانە نابینێ
لە ناخی دڵە قەرەجییەکانیاندا
بە پێشیدا دێن و دەچن ..

لەوێ

کە زەردەخەنەی تێدا لە کڕین نایێ

لە وێ

لە دوورەوە

لە وێ

کە نۆستالیژیای لێ بێدار دەبێتەوە

لە وێ ( کوا من )

بە سیمای هەڵقرچاوەوە

لە ناو تابلۆیەکی

چاخە کپکراوەکانی ناوەڕاست

سینەیەکی ژاڵە گرتووە

لە بەرابەر چەند چڕنۆکێکی برسیدا ..

(نینئەنا) ، کچی ئاسمان !
کە شادی و لەززەت بۆ خوداوەند و
ئادەمزاد دێنی !
ئەو هەسارەیە هەسارەیەک بوو
شیری دەدایە خۆر
شادی بەسەر ماڵاندا دەبەشییەوە
هاتین
بە چەند پارچە کاغەزێکی چاپکراو
هەناسەمان لێ بڕی ..

چیا
لە سەمای ئەو جەستانە ڕاماون
مەمکیان
سەرەتا و کۆتایی بژێوی
لە کۆتی مێینایەتیی ئەم چاخە داکەلاندوە
مۆسیقا  ئیتر
لە قاچە شووشەکانی ئەودا نەماوە
مۆسیقا
لە ترپەی ئەو دڵە تۆراوانەیە
گەمەی ڕۆژگار
بە ڕاست و چەپی داداون ..

به چاوی شانس
سەیری پردی ڕوخاومان دەکەین
خەیاڵێکی بەدی نەهاتوو
بە هەنگاوەکانمانەوەیە ،
لە تێکەڵەی بۆیەی هونەرمەندێک
لە بانیژەیەکی  داڕماو  دەچێ
شەوت لە نیوەڕۆدا  پێشان دەدا ..

هێشتا لە نیوەی ڕێگا دای
(ئەنکیدۆ)ت لە دەست داوە
هێزی جارانت ،
جارانی شەقامەکانی( ئوور) و
مەیخانە ئاوەدانەکانیت نەماوە
ئایندەی پیرت
دێننەوە بەر چاو
تەنیا بۆت هەیە بێدەنگ بی ..

سنوورێکی یەکسانمان
لە ناسینی خوداوەند هەیە
بیر دەکەینەوە
لە کردەوە بەدەکانمان
لە گومانە هەرواییە نامەنتیقیەکانمان
ڕازی نییە ..

وامان دەزانی جۆگە و ڕووبار
پێش ئێمە لە خەو ڕادەبن
ئەوان هەمیشە بێدارن .. نانوون
جۆگە و ڕووبار بوونەوەری ڕووتن
ئێمەین دارستانیان لەبەردا دەبینین
ئێمەین گیای کەنارانیان
بە سنگەوە دەکەین
کە دەنگی دڵەکوتەیان
ئاسمانان تەی دەکا ..

سەیر نییە لە ئێوارەیەکی  ئەرخەوانیدا
شاعیرێک
لەسەر ئەوەی وتوویەتی
مەمکی بێوەژنان لە هی کچان
مێینەتیی زیاترە
چاوی بێوەژنان خومارترە
شەڕێکی بۆ بەرپا بکرێ !

پاڵ بە قوللەی ڕۆحمانەوە دەدەین
چاومان لە ژیانە
لە سەرخەوشکاندنێکیشدا بێ
بیبینین
بۆمبای شەڕان نەگاتە زەوی
لە نیوەی ڕێ
ببن بە گوڵ ، بە باران ..
حیکایەتە ڕەشەکانمان
لە بیر
ببەنەوە
ئەوەی لە قوتابخانەدا
منداڵییان تێدا مراند ..

ئای وڵاتی دڵگیرم
وڵاتی تەمبەڵ
دوا جار چۆنم لەخەو دیبووی
وا دەرچوو
بەتەنیا لەگەڵ خۆمدا مامەوە
تازە ڕۆیی ،
تیر لە کەوانێ دەرچوو
هاوارمان لەبیر چووەوە
تازە ڕۆیی
لە زنجیرەی شەڕانمان زیاتر
بە بیر نەماوە
کە دێن و دەڕۆن و دێنەوە ..

ڕوومەتی شەو
هەمووی لەبیر بردینەوە ..
دڵی سادەمان ،
گۆرانیی خەمڕەوێن
پێشبینی شەڕەکانی  دادێ
هەمووی لەبیر بردینەوە .

بەردی کەڕ هەڵدێ ، ئێمە هەڵدێین
ئاوی گێژ ڕا دەکا ، ئێمە ڕا دەکەین
پێکمان گەیاندەوە ناو کارتۆن
هەتاوی کوێر بانگم دەکا ، بگەڕێوە
بە سەمای گەڵا و
کەروێشکەی  گیا ڕا  دەزانم
بەو شنەیەی
سپیدارە تازەهەڵچووەکان ڕادەوەشێنێ
بگەڕێوە ..
گەر بشمرین
با لە مەرگێکی شەلاڵ
لە ئامێز و پێکەوەنووسان و
توانەوەدا  بمرین .

حوزەیرانی 2020

# کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات

١ ئێوارەیەکی کانوون ،
بەفر هێشتا
تارای هەتاوی فڕێ نەدابوو
کووچە و شەقام ،
ڕەنگی سەحەریان دەدا
بە قەمسەڵەیەکی چڵکن و
- شەوڕۆ – یەکی بن ڕۆیشتوو و
پشتەکۆڵێک خەمی نیشتمان ،
کە ئەوسا بۆمان
بنکەی گەردوون بوو
لە دەرگام دا ..
یەکەمین جارم بوو
مانگ لە زەوی ببینم
بە ڕەونەق و هەڵایسانێک
لە ئاسمان پێی دەرنەکەوتبێ .

من کە زەمانێک بوو
لە شەو و تەنیایی ئەشکەوتان و
سەرکەشی شەڕ ، چیدیم نەدیبوو
لە ڕێی خەمباری وڵاتدا ،
ئاشنای پارێکی دی نیشتمان بووم ،
قەڵەمڕەوی چاوجوانان
کاژێکی تازەهەڵچووی ڕۆژهەڵات ..

وەک وەستانی
چەند چرکەیەکی هەناسەدان
یا نووری لەپڕی برووسکە
بە ناو ڕاستیی و هەڵەکاندا
لە ئێوارەیەکی کانوون دا
بۆنی خەونێک ، یەکەم خەون
ختووکەی ئەفسووناوی
شەوی جەستەمی سووتان
خەونێک ، کە دوایی بوو بە وەهم
بەسەر مەنفا و تاراوگانەوە
بە شادی و حوزن بەراورد نەکرێ ..)

**بەشێک لە نامەیەک**
**کە نەنێردرا**

خەونی یەکەم( گودیئا )
میری( لەگەش) بینی
میر هەر ئەوسا خەونی هاتە دی
سەررەشەکان خۆیان تێدا بینیەوە
خەونی من
ئێستاش کۆڵێکە بە پشتمەوە
لە وێستگەگەلێکی بەرێکردنی تەمەندا
بە دار وبەردی داداوم
بە ڕووبارانی دا بردووم
لە تۆقەلانانی هەڵداشتووم ..

لەو ساوە دەگەڕێم
پێکێکی درەوشاوە
سەمایەکی زۆربابیانەی
نیوەشەوانی سەهۆڵبەندان
خۆم
نەبینیوەتەوە ،
لە ژێر پەردووی ڕووخاو
کە هەڵاوی گریان و
گۆرانیی تەواو نەکراوی لێ هەڵدەستێ
هێلانەی چۆل
کە شوێنەواری جریوەو ماچی
پاساری و چۆلەکانی پێوە ماوە ..
پەنا دیواری خوراو ،
هەواری چیلەمێوان ، جێژوانی ساویلکان

هەرچی کۆڵیت و تاوڵ و
بنمیچی سواندان هەیە گەڕام
خۆم نەدۆزییەوە ..

هاوئاوازێکی وێڵم لە سنگایە
لە دەمی بورکان و
شینگێڕیی شەختە و
سپیلکی چیا
کەسی دی ناناسێ
زرنگانەوەی
گوزەرە بە ژاوەژاوەکانی مسگەران
بەلادا هاتنی مەستان
کە لە ونگەی ناوخۆیاندا
نەقشیان بەستووە
مۆسیقای با ،
وەختێ ژنان
لە جەنگەی تاساندا
سەری پێ دەکەن ..

هاوئاوازی وێڵم ،
ئەفسانەیەکی نوێیە
پیتی جودایی و دابڕان
لە شۆستە دێرینەکاند
هەڵدەگرێتەوە
(سەکۆ) ی منیش
لە ئێوارەیەکی ساردی کانوون دا
تاجی شازادانی لەسەر نا
پاشان چەند گەڕام
چەندی لەبەر بەفر و بارانێدا وەستام
لێم بوو بە مرواری
بنی دەریا و ئۆقیانووسان ..

به چرای (دێوجین)
بە گەشبینی عاریفانەوە
لە چاوترووکانی ئەستێران
دەست ڕاوەشاندنی تاڤگان
خۆ هەڵتەکاندنی داران
ورد بوومەوە
وەک گیای کوێستانان
شەونم داپۆشیم
نەمدۆزییەوە ..

لەو ساوە ،
لە دەسپێکی هەر ڕۆژێکی نوێدا

سۆمای چاوم
لە چاوەڕوانی هەڵاتنی ئەودا لێڵ دەبێ ..
لەو ساوە خەون و مۆتەکەم لێ
تێکەڵ بووە ..

( کوا من ) ؟
لە مێژووی ڕازاوەی
سەردەمە تەوتمیەکان ..
کە بە تریفەو پڕشنگ و
سەوزایم هەڵچنی بوو ؟
کەچی
ڕۆژێ
جارێ
گوڵێکی نەگرت ..

شایی ئێوارەدرەنگانی
دۆمە ددان زێڕەکان
پزیسکی دووکەڵکێشەکانیان
لە زستانی هەمیشە زستانماندا (سەکۆ) !
ئامێزم  تێوەردێنێ ..
لەو دەمانەدا
هیچ چیایەک
لە ناخم بڵندتر نابینم
من لە لووتکەم
لە لووتکەم من
( کوا من ) ؟!

وەک بەردێکی بێ ڕەگ
شێتانە بەرەو خوار
بەرەو دۆڵ و دڕاڵان هەڵدێراوم
سەدای هاوارم
لە دارستان و بەندەنان
لەگەڵ دەنگی ئاژەڵ و باڵداران
تێکدەئاڵێن ..

بەیانییەکی بێگەرد
بە ڕەوتی تاووسێکی باڵکراوە
بە پەیژەدا هاتی
سیمام لەو ساتە کورتەدا
هەموو ڕەنگەکانی تیا کۆ بووەوە ..
چرپەیەکم بیست
شتێک بوو لە بابەتی پرسیاری
وەختی گەڕانەوەم ..
زمانم گیرا
تا هاتەوە گۆ ، تۆ تێپەڕیبووی
لێ خەندەی سیحراویم
لەبەر چاو مابوو ،

بەخۆم گوت :
نەژاد ئارام بەوە
ڕۆژ هەر سپێدەی تێدا نییە
ئێوارەشی هەیە
کاژە بەژن بڵندەکان لە زەردەپەڕدا
باڵیان دەردەکەوێ
سەرچاوە زوڵاڵەکان
ئێواران جوانترن
ئێوارە ،
دووبانکە و بەرهەڵانیش
ئاوەدان دەکاتەوە ..

وتم
دان بە خۆتدا بگرە نەژاد
تۆ لە کوێ و
یارییە خەیاڵاویەکانی هەرزەیی لە کوێ ؟
ئەدی لانەی دڵ چی لێ دەکەی
کە نیشتمانت لێ داناوە ؟
وەک بڵێی عەشق
نیشتمانی تێدا نەبێ ..

گەڕامەوە منالّی :
دەستم لە کانیان دەگێڕا
دەنگی وردە چەو
لە دەنگی ملوانکە سادەکەی تۆ دەچوو
کە ڕۆژگاری ژەنگاوی
لە گەردنی داپچکوڕی ..

باڵ بگرە !
ئەی ئەو (خود)ـەی
هێشتا خەتی دانەناوە
باڵ بگرە !
بە خەندەیەک
بە چرپەیەک
بە چاو تروکاندنێک ، وەختییەتی !
وەختییەتی
لە پشکووتنی چرۆیان بگەی
لە شەونم ورد بییەوە و
ڕاپۆرتی هەوران بخوێنییەوە ..

باڵ بگره !
ڕێ لەو دەردە خۆشە مەگرە
با نیشانەکانی
یەک بە دوای یەک دەربکەون .

چەند ڕۆژگارمان لە دەست چوون ..
چەندمان خەون دیتن ..
چەند هەڵەتمان بە ئاوی چۆکان بڕی
بە چەند تونێلاندا تێپەڕین
( کوا من ) ؟

باران بوو
هێشتا ژەنگ
بە ناوە جۆراوجۆرەکانییەوە
وەک مێردەزمەیەکی ناوەخت ،
وەرزێکی نامۆ ..
هێرشی نەهێنابوو
ئەوەی چاوەڕێمان دەکرد
کۆنەواری چۆل
بە باڵای سایەی
کاژەکانی یەکەم دیدارەوە
لە زامێکی دووبەدەر دەچوو ..

به بیرم ماوه
وتت: ( به قوربانت بم .. دەبەرت مرم )
وتم : خوا نەکا
بەڵام ترسم لەوەیە
چیرۆکی ئێمە
وەک زستانی نیشتمان
دوایی نەیێ .

ژەنگ
ژەنگ
ژەنگ
شایەدی زەماوەندی خەمبارمان
دەنگی زڕی بێدەنگیمان
ژەنگ
ژەنگ
قرچەی هاوین
سەهەندی زستان
ئایکۆنی جودایی و دابڕان ..
ژەنگ ،
ژێی ئاوازی پساندین
گۆرانیی تەمەنمانی هەتیو خست
دارستانی کاژە هەڵچووەکان
وەک توولەڕێی نێوانمان کوێر بووەوە .

ڕووەو  باکوور
سەریان پێ هەڵگرتم ،
لە گەراجێکی لابەلای (نەغەدە)دا
سواری هەژدە نەفەریەکیان کردم
نازانم ئەوانەی لەگەڵم بوون
بەڵام من دڵم لەگەڵ خۆم نەبرد
دڵم بەجێهێشت ..
ئێستاش هەر لەوێیە ..

هیوایەکیان بۆ بینینەوە نەهێشت
وەک قەلەڕەشێک بەسەر وێرانەدا
بەیانیم ون کرد
تۆشم لەگەڵ بەیانیدا ون کرد ..
لەو ساوە
بێ بەیانی ماومەتەوە ..

لەو ساوە  برینێکی قووڵ
کەوتووەتە جەستەی ڕۆئیاکانم ..

لەو ساوە ( سەکۆ )
تاقی ئاسۆی گۆشەگیریم !
قوللەی بابل ،
باخچە هەڵواسراوەکانی نەما
پێم چێ نەکەن
مەنفا نەما پێم نەبینن
قاوەخانە نەما
سەری غەریبی
بە کورسییە شکاوەکانیدا نەکەم .

بیرت دەکەم
لە سەردەمێک
دەققە و سەعاتی بێ مەرگ تێناپەڕێ
بیرت دەکەم
کە زستانێ  دەرکەوتی و
زستانێ ئاوا بووی ..

چوومە بەر ئاستانەی ( نیپۆر )
هاوارم بردە پێش ( ئینلیل )
خوداوەند (ئانۆ )
لە مەینەتی جودایی ئاگادار بکاتەوە
قوربانیم نەبرد
قوربانی بۆ ببەم
کە خۆم ساڵەهای ساڵە قوربانییم ؟

دەکوژرێم و
وەک ئاردی ناو درِک
بە گوند و شاران وەر دەکرێم
پاشان لە خۆڵەمێشی خۆمدا
بۆ مەرگێکی دی
تاراوگەیەکی دی
ژیانێکی پرِ حوزنی دی
زیندوو دەبمەوە .

ئەو بەیانییە
کە پێمان گوت
(بەیانییەکی ڕەونەقدار)
کڵپەی ئاگر لە خەونەکانماندا
لە پەنجەرە واڵاکانی دەروونمان
نێڵە نێڵی بوو ..
تا لێک دانەبڕاین
هەستمان بە چزووی سەرما نەکرد
لەو کاتەوە ڕوو لە دەرگای خوا
دەپرسم
ئەوە چ بەڵایەکە
بۆ عەبدی خۆتت ناردووە خالیق!
لە خاڵێکی بچووکی گەردوون
ئەو هەموو خەونانەی پێ ببینی ؟

زۆرم پرسی
له لێزانان
له ژنه قەرەجه  فاڵگرەوەکان
له دەروێشه خەرقه پۆشەکان
وەڵامێکیان پێ نەبوو .

شالاوی یادەورییەکان
کە تەنیا بە بێدەنگی دەردەبڕێ
ڕێی قوتابخانە
کووچە قەدبڕە چۆلەکان
پەیژەی ماڵەوەتانم
کە بە ڕەوتی تاووس پێیدا دەهاتی ..

هاوزێدەکانتم لێرە لە گەرمێنێ
زۆر دیتن
نە زەردەخەنە
نە نیگا
نە باڵای تۆم
تیا دیتن
نە بۆنی سێبەری سنەوبەرانیان
بە بیر هێنامەوە .

خەیاڵت دەکەم
کۆمەڵێک منداڵ دەورەیان داوی
تۆش بە کۆمەڵێک
دەستەخوشکی هاوخەمەوە
بە کۆستی زەمانە ژاکاو
بەڵام بە هەموویان
تاڵە قژێکی تۆ ناهێنن
کە بە ڕووی شنەی
زەردەپەڕدا سەما دەکا ..

هیچم بە دەستەوە نەما
دوای هەموو ئەو
خەنەبەندان و زەماوەندانەی
بە هەناسە و خوێنی ئێمەیان بەرپا کرد
هیچم بە دەستەوە نەما
لە چەند قەسیدەیەک بەدەر
سپێدەدەمان
کە هێشتا دونیا نووستوە
داری نۆستالیژیای پێ دەدێرم
شۆستە تەنیا و بێ خاوەنەکانی
پێ گەسک ئەدەم
پاشان ،
بەپشتی شەکەتیان سەردەکەوم ..

لە ڕێگەوبانە بێ ناو و نیشانەکان
بۆت گەڕام
( کوا ئێمە) ؟
ئێمە لە کوێین ؟
(کوا من)؟
کوا من  تیشکی هەردەم دایساو !
کۆنە هەواری
خڵتانی وەجد و درەوشانەوە ؟
بیرەوەری دەنگ و ڕەنگ و بۆن ؟

کوا من ؟ ماچی نیوەچڵ ،
 شیعری نەنووسراوم ؟
لەوەتەی تۆم ون کردووە
ژانی پەیامبەران دەچێژم
سەرابستان ڕامدەکێشێ
ڕۆژانە بەردی سیزیفم بەسەردا
دەکەوێتەوە
قوڵنگم لە دەست دەپەڕێ
ئێستا بێستوون زۆر لە جاران ڕەقتر بووە
کوا من
ئەستێرەی دیتراو و نەدیتراوم ؟!

ئابی 2020

## هەوڵە چاپکراوەکانی



### 1) لە بواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد1984،بەناوی خوازراوی (پاکزاد محمد کریم)،چاپکردن وبڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ( لەشاخ ) ـ چاپی دووەم بەناوی سەریح ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین1991.
- پرۆژەیەك بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی – لێکۆڵینەوە ـ گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا ، پایزی1986.
- هەڵەی چاپ ، ئەمڕۆ و ئاسۆی دوارۆژ ـ لێکۆڵینەوە ـ بە دوو بەش ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا 1988
- وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەریی کوردیدا ـ لێکۆڵینەوە ـ بەسێ بەش، گۆڤاری(کاروان ژمارە85 و 86 و87)ی1990.
- برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا ـــ چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) ـ هەندەران (دانیمارك ) ، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر 1997.
- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان( ئاداکـ ADAK) پرۆژەی دامەزراندن وبەڕێوەبردن ـ لێکۆڵینەوە ـ ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993،چاپی یەکەم بە کتێب هەولێر1993، چاپی دووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆك1997، چاپی سێیەم هەولێر2005.

- درەختی بنكۆڵ كراو: پەنجەنمایێكی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناكبیری وكلتووری كوردی ـ چاپی یەكەم كوردستان1995، چاپی دووەم سوید1996، چاپی سێیەم ـ هەولێر2006.
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە ، چاپی یەكەم هەولێر ـ كوردستان2005.
- ڕۆژنامەگەریی كوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەكنیك و هونەرەكانی ، چاپی یەكەم هەولێر1999، چاپی دووەم 2006.
- شار لە هەڵبوون وكوژانەوەیدا ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی چاپی یەكەم 2005.
- میدیای كوردی لە بازنەی گەمەكانی سیاسەتدا ، چاپی یەكەم 2020
- دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسی – چاپی یەكەم 2020

## 2) شیعر

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ : چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ1977
- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- چەندكۆتەڵێكی جەنازەیی: چاپی ئیتاڵیا 1994، چاپی كوردستان دهۆك 1995.
- هەندێ لەوشوێن پێیانەی بەسەرشەختەدا مابوونەوە ـ چاپی یەكەم كوردستان 2005.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ كۆی 4 كۆشیعر پێكەوە ـ چاپی یەكەم كوردستان2005.
- بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو كانییانەم خواردەوە ـ چاپی یەكەم2010.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو ـ چاپی یەكەم 2015.
- كەویە بەفرەكانی دۆزەخ ـ چاپی یەكەم 2016
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەكانی .. ـ چاپی یەكەم 2018
- كاژە بەژن بڵندەكانی ڕۆژهەڵات – چاپی یەكەم 2020 .

### 3) لەبواری وەرگێڕاندا

- نووســـتوی بـــەرباران: شیعرلەفارســـییەوە چـــاپی یەکـــەم بەغـــدا1980، چـــاپی دووەم بەزیادکراوییـــەوە هـــەولێر کوردستان 2005
- ڕێگاوبـــان ، پێـــنج چـیرۆکی درێـــژ و شـــانۆنامەیەك لـــەنیکۆلای خایتۆفەوە - چاپی یەکەم،چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1983، چاپی دووەم هەولێر - دەزگای موکریانی 2005
- سـەرەتاییێك بۆتێگەیشـتنی هونـەری شـێوەکاری. چـاپی یەکـەم چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986.
- چاپی دووەم - هەولێر- دەزگای موکریانی2005.چاپی سـێیەم - هەولێر2015.
- چـــەندنامەیەك بـــۆ تارانتابـــابۆ: نـــازم حیکمـــەت ، وەرگێـــڕان لەعەرەبییەوە.چـــاپی یەکـــەم - چـــاپخانەی (الزمـــان) بەغدا1990 ،چاپی دووەم - سوید - کتیبخانـەی ئـەرزان. چـاپی سێیەم کوردستان 2005
- دایکـی کـورد - دانییـێل مـیتران وەرگێـڕان لەعەرەبییەوە،چـاپی یەکەم 1996، چاپی دووەم 2011.
- شوانی بۆشایی - شیعر ، چاپی یەکەم - کوردستان 2010.
- سترانبێژی شەقام - شیعر - چاپی یەکەم 2018
- خەونمان بۆ زستان دی - شیعر - چاپی یەکەم 2018

### 4) پیشانگاکانی کۆلاژ - ناوەرۆکی6 پیشانگا

- پـــایزی چـــاوەکان ، کـــۆلاژ لەتاراوگـــەی شـــیعردا وەزارەتـــی ڕۆشنبیری - هەولێر1998
- چـــاوەکان هەمیشـــە چـــاوەکان، کلاۆرۆژنەیـــەك لەشـــەختەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999

- دیسان چاوەکانـ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 2005.
- شرفه ـ بەزمانی عەرەبی ، چاپی یەکەم چاپخانەی خەبات دهۆك1998، چاپی دووەم بەکوردی بەناوی (گەمەشاراوەکانی با) ، بەوەرگێڕانی نەجات حەمید ئەحمەد وپێداچوونەوەی نووسەر 2008
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا ، چاپی یەکەم 2008 .
- هونەری کۆلاژ — مێژوو .. تەکنیك .. ئەزموون — چاپی یەکەم کوردستان 2020
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکەلەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.
- 

Nazhad Aziz Surme

# The High Pine Trees of the East

***Contemporary Kurdish Poems***

**First edition**
**Kurdistan 2020**


کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات
Nazhad Aziz Surme
The High Pine Trees
of The East
Contemporary Kurdish Poems
First edition
Kurdistan 2020